National Endowment for Democracy
Supporting freedom around the world

RADIO DENG

# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی چاودێریی دۆخی تەندروستی

## یازدەهەم را پۆرت: گرفتی نەکردنەوەی بەشەکانی ( بوژانـدنەوەی دڵ، چاودێریی ورد و نەباکام ) لە گەرمیان

**ئابی ٢٠١٨**

رادیۆی دەنگ
یەکەی چاودێریی

١/٩/٢٠١٨

## پێڕست


| | |
|---|---|
| بەشی یەکەم | ناساندن |
| بەشی دوەم | راپۆرت |
| بەشی سێیەم | راسپاردە |


## بەشی یەکەم: ناساندن

١. پێشەکی
٢. کارنامەی یەکەکە
٣. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

## ١. پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێک لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەک زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

ئێمە لە رادیۆی دەنگ، ساڵی رابردو پرۆژەی دروستکردنی (یەکەی چاودێریی نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)مان هەبو، کە تاڕادەیەکی باش سەرکەوتو بو لە چاودێرییکردنی کاری ئەو دو نوێنەرەی گەرمیان، بەڵام بۆ ئەمساڵ و لە میانی پرۆژەی رادیۆکەمان بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی NED بەباشمان زانیی یەکەیەکی نوێ پێکبهێنین کە ئەمجارەیان چاودێریی حکومەتی خۆجێیی بکات.

کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی ئەمساڵ دا (٢٤) راپۆرت لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاودەکاتەوە بەشێوەیەک هەر کەرتەو مانگەی راپۆرتێک لە بوارێکی دیارییکراو دەبێت.

ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها داموەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.

هەروەک بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاک و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## ٢. کارنامەی یەکە

**یەکەم: ناساندن**

یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

دوەم: ئامانجی یەکە

١. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

٢. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

٣. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

٤. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

سێیەم: کارەکانی یەکە

١. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

٢. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

٣. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

٤. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

٥. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

١.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

٢.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.

٣.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## ٣. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

### ١. رادیۆی دەنگ

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.
لە ساڵی ٢٠١٠ەوە دامەزراوەو لە بەرواری ٦ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.
ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.
رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (٢٦٥) لە بەرواری (٢٠١٠/٢/٢) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (٣٦٨) لە بەرواری (٢٠١٠/٢/٢) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.
لەئێستادا رۆژانە ٢٤ کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).
رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.
جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

### ٢. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (١٢٠٠) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (٩٠) نەوەد وڵاتدا دەکات.
(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (١٩٨٣) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاراستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

**٤. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:**

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بریارێک لە رۆژی ٢٠٠٦/٨/٦ "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٨ بریاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

## بەشی دووەم: راپۆرت

١. دەستپێک

٢.کێشەو گرفتەکانی نەبونی سەنتەری دڵ

ا. ئەو مەترسیانەی بەهۆی نەبونی سەنتەری دڵ لە سەر ژیانی نەخۆشەکانی دروستدەبن چین؟

ب. نەبونی سەنتەری دڵ تا چەند رێگرە لە ئەنجامدانی نەشتەرگەرییە گرنگەکان لە گەرمیان

ج. بۆچی تا ئێستا هیچ سەنتەرێکی تایبەت بەنەخۆشیەکانی دڵ لە گەرمیان بونی نیە؟

٣. کاریگەریەکانی نەبونی بەشی چاودێری و هۆکاری نەکردنەوەی بەشەکە

ا. کاریگەریەکانی نەبونی بەشی چاودێری ورد لەسەر ژیانی نەخۆشەکانی گەرمیان چیە؟

ب. ئەو هۆکارانە چین کە بوەنەتە رێگر لەبەردەم کردنەوەی بەشی چاودێری ورد لە کاتێکدا پێداویستیەکانی ئامادەیە

ج. کاریگەری نەبونی بەشی چاودێری ورد لەسەر نەخۆشەکانی نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، تایبەت بە ژنان و مناڵبون

٤.گرنگی بەشی نەباکام "خودەج" و هۆکارەکانی نەکردنەوەی؟

ا. گرنگیەکانی هەبونی بەشی نەباکام چیە؟

ب. سەرەڕای بونی شوێن و کارمەندی تەندروستی تایبەت بە بەشی نەباکام، بۆچی نەکراوەتەوە؟

٥. ئامادەکاریەکان بۆ کردنەوەی بەشەکانی (چاودێری ورد، سەنتەری دڵ، بەشی نەباکام) لە تەندروستی گەرمیان

٦. کاریگەریەکانی نەبونی ئەم سێ بەشە لەسەری زۆری ژماری ناردنی نەخۆش لە گەرمیانەوە بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی

٧. لاوازبونی متمانەی هاوڵاتیان بە تەندروستی گەرمیان تاچەند پەیوەندی هەیە بە نەبونی ئەم بەشانەوە؟

٨. رای بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان

**١. دەستپێک:**

**حاڵەتە کتوپڕەکانی نەخۆشی کە پەیوەستە بە دڵەوە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیان و مردنی مرۆڤەوە هەیە، ئەمەش بەو مانایە دێت کە سەنتەرەکانی تایبەت بە نەخۆشیەکانی دڵ یەکێکە لە گرنگترین بەشەکانی تەندروستی، بەڵام لە گەرمیان هیچ سەنتەرو بەشێکی تایبەتی نەخۆشیەکانی دڵ بونی نیە!**

**هاوشانی گرنگی سەنتەرێکی تایبەت بە دڵ هەبونی بەشی چاودێری ورد بۆ حاڵەتە مەترسیدارەکان لەگەڵ ئەوحاڵەتانەی کە پاش نەشتەرگەری نەخۆش پێویستی بە چاودێریەکی بەردەوام و ورد هەیە، یەکێکی دیکەیە لە بەشە زۆر گرنگەکانی کەرتی تەندروستی کەچی بە هامان شێوەی بوژانەوەی دڵ ئەم بەشەش لە گەرمیان بونی نیە!**

**لەگەڵ ئەم دوبەشەی کە تایبەتن بە حاڵەتە کتوپرەکان و چاودێری ورد بۆ نەخۆشە تایبەتەکان، نەبونی بەشی خودەج کە تایبەتە بە مناڵانی نابەکام و پێشوەختە، بۆشاییەکی دیکەیە لە کەرتی تەندروستی ناوچەکە.**

**لەم ڕاپۆرتەی یەکەی چاودێری گرنگی هەریەکە لەم بەشانە دەخەینەڕو لەگەڵ ئەو مەترسیانەی کە بەهۆی نەبونی ئەم بەشانە روبەڕوی ژیانی ئەو نەخۆشانە دەبێتەوە کە پێویستیان بەم بەشانەیە، هۆکاری نەکردنەوەشیان دەخەینە بەرباس.**

**١.کێشەو گرفتەکانی نەبونی سەنتەری دڵ**

**ا. ئەو مەترسیانەی بەهۆی نەبونی سەنتەری دڵ لە سەر ژیانی نەخۆشەکان دروستدەبن چین؟**

**حاڵەتەکانی جەڵتەی دڵ یاخود پەکەوتن و لاوازبونی لێدانی دڵ ئەو نەخۆشانەن کە پێویستیان بە دەستبەجێ چاودێری وردە لەماوەیەکی کورتدا لە سەنتەرێکی تایبەت بە دڵ، کەچی نەخۆشێک ئەگەر لە قەزای کفریەوە پێویستی بە بوژانەوەی دڵ بێت دەبێت لە قەزای کفریەوە بهێنرێتە قەزای کەلار پاشان لەم قەزایەوە دەنێردرێتە نەخۆشخانەکانی پارێزگای سلێمانی کە دەگاتە زیاتر لە (٢) کاتژمێر.**

**کەواتە دەبێت بزانیین دەرئەنجامی مەترسیەکانی چین لەسەر ژیانی نەخۆشەکان.**

**یەکێک لە مەترسیە دیارەکان کە بەهۆی نەبونی ئەم سەنتەرە لە گەرمیان دروستبوە گیان لەدەستانی نەخۆشەکەیە بەهۆی درەنگ گەشتنی بە شوێنی چارەسەرکردن وچاودێری.**

"هەندێک لە حاڵەتەکانی ئەو نەخۆشانەی کە دەنێردرێن بۆ سلێمانی هۆکاری مردنیان درەنگ گەشتننیانە بە شوێنی چارەسەرەکانیان، چونکە کە دەنێردرێن دەسپێردرێن بە قەزاو قەدەر". ئەمە وتەی هەڵگورد محەمەدە، جێگری بەڕێوبەری گشتی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لە قەزای کەلار.

ئاماژە بەوەشدەکات کە یەکێک لە هۆکارەکانی مردنی ئەو نەخۆشخانەی کە پێویستیان بە دەستبەجێ داخلکردنە لە سەنتەرەکانی بوژانەوەی دڵ درەنگ گەشتنیانە بە نەخۆشخانەکانی سلێمانی، چونکە لە تەواوی ئیدارەی گەرمیان هیچ جۆرە سەنتەرێکی تایبەت بەدڵ بونی نیە.

پسپۆرێکی نەخۆشیەکانی دڵ ئەمە پشت راست دەکاتەوە و باسلەوەدەکات کە هەندێکجار نەخۆشەکان هەر لە بەشی فریاکەوتن گیان لە دەست دەدەن بەهۆی ئەوەی کە سەنتەری دڵ لە گەرمیان نیە.

د.عەدنان تۆفیق، پسپۆری نەخۆشیەکانی دڵ لەهەمان کاتدا بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلارە، دەڵێت: "ئەو نەخۆشانەی دەنێردرێنە نەخۆشخانەی سلێمانی بۆ نمونە حاڵەتەکەیان جەڵتەی دڵە پێویستی بە قەستەرەی دڵە، بەڵام چونکە سەنتەری دڵمان نیە ئەوانەشی لە بەشی فریاکەوتنن لێرە کەس لە دڵ نازانێ، کە دڵەکە تێک دەچێت تەلەفۆنم بۆ دەکەن دەڵێن باری تەندوستی نەخۆشێک تێکچوە نازانین چیەتی، بێگومان ناکرێت من بەردەوام لێرەبم یان دکتۆرەکەی دیکە بۆیە کاتێک تەلەفۆنم بۆ دەکەن تا ئەگەمە لای نەخۆشەکە دەمرێ".بە پێی ئەو ئامارەی دەست یەکەی چاودێری کەوتوە ژمارەی پزیشکی پسپۆری دڵ لە گەرمیان لە ئێستادا تەنها (٢) دو پزیشکە.

دەربارەی ئەو ژورەشی کە دابینکراوە وەک بوژانەوەی دڵ لە نەخۆشخانەی گشتی قەزای کەلار، هەڵگورد محەمەد، جێگری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار دەڵێت: "بەشێک بەناوی بوژانەوەی دڵ لە نەخۆشخانەی گشتی هەیە، بەڵام کارەکانی کاریگەری نەبوە لەسەر نەخۆشەکانی بەشی فریاکەوتن".

لە کاتی ناردنی نەخۆش مەترسیەکان بەتەنها لەسەر ژیانی نەخۆشەکان نیە کە دەچنە نەخۆشخانەکانی دەرەوەی گەرمیان بەڵکو زۆرجار دەبێتە هۆی روودانی کارەسات بۆ هاوەڵی نەخۆشەکانیش، موکەرم موبارەک ، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شەهید ئەحمەد کەلاری لە ناحییەی پێباز، باسلەوەدەکات: "بە هۆی خراپی ڕێگاکە زۆر جار دەبینین کە لەم حاڵەتانە کارەساتی دڵتەزێنی بەدواوەدێت".

**ب. نەبونی سەنتەری دڵ تا چەند ڕێگرە لە ئەنجامدانی نەشتەرگەرییە گرنگەکان لە گەرمیان**

نەبونی سەنتەری تایبەت بە دڵ کاریگەری کردۆتە سەر نەکردنی زۆرێک لە نەشتەرگەریەکان لە گەرمیان، چونکە لە حاڵەتی لەناکاو کە نەخۆش لە کاتی نەشتەرگەری یان لە پاش نەشتەرگەری پێویستی بە بوژانەوەی دڵ هەبێت لەبەر نەبونی ژیانی دەکەوێتە مەترسیەوە، پزیشکان بەهۆی ئەم گریمانەیەوە ناتوانن لە گەرمیان زۆرێک لە نەشتەرگەریەکان ئەنجام بدەن.

د. ئاسۆ عزەت پزیشکی پسپۆر لە نەخۆشیەکانی میزومیزەڕۆ، لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار، دەڵێت: " زۆرێک لە نەشتەرگەرییەکان راستە پەیوەست نیە بە دڵەوە، بەڵام لە کاتی تێکچونی باری تەندروستی نەخۆش زۆر جار دەبینین پێویستی بە بەشی بوژانەوە (ئینعاش) دەبێت، لە گەرمیانیش ئەم بەشە نیە بۆیە پزیشکان ئەم ئەرک ومەسولیاتە ناخەنە سەر خۆیان، بۆیە نەبونی ئەم بەشە کاریگەریەکی راستەوخۆی لەسەر نەکردنی بەشێک لە نەشتەگەریەکان هەیە".

**ج. بۆچی تائێستا هیچ سەنتەرێکی تایبەت بەنەخۆشیەکانی دڵ لە گەرمیان بونی نیە؟**

ئەگەرچی کردنەوەی سەنتەری دڵ و بوژانەوەی دڵ رۆڵێکی گرنگی هەیە لە بەرزکردنەوەی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان لە گەرمیان، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەم بەشە لە گەرمیان نەکراوەتەوە. لە کاتی باسکردنی ئەم بابەتەدا زۆر کات نەکردنەوەی ئەم جۆرە سەنتەرو بەشانە دەبەستێترێنەوە بە کەمتەرخەمیەکانی وەزارەتی تەندروستی و حکومەتی هەرێم بەرامبەر گەرمیان، بەهۆی دابین نەکردنی پزیشک و کارمەند و بڕی پارەی پێویست بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی ناوچەکە.

د.عەدنان تۆفیق، پسپۆری نەخۆشیەکانی دڵ، و بەرێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، لەسەر ئەم بابەتە دەڵێت : "بۆ کردنەوەی ئەم بەشە وەزارەتی تەندروستی کەمتەرخەمە وەکو پێوست ئاوڕ لە گەرمیان نەداتەوە ئیتر نازانم تا چەن پەوەندی بە بەڕێوبەرایەتی گشتیەوە هەیە لەوانەیە ئەوان داواکاری نەکەن یانیش داواکاری بکەن و وەزارەت قەبوڵی نەکات".

دەشڵێت: "سەنتەرێکی دڵ بەتەنها ئەوە ئامێرەی کە قەستەرەی دڵی پێدەکرێت زیاتر لە ملیۆنێک دۆلارە هەروەها پێویستی بەستافێکی تۆکمەو تەواو هەیە کە خۆی دەبینێتەوە لە پزیشکی پسپۆر، پزیشکی نیشتەجێی دێرین و نیشتەجێی خولاوە (موقیم و موقیم ئەقدەم)، لەگەڵ کارمەندی تەندروستی. بۆیە کردنەوەی ئەم بەشە هەروا ئاسان

نیە، وە دەبێت حوکمەت بتوانین لە ئاستی ئەنجومەنی وەزیران پارەیەکی دیاریکراو بۆ گەرمیان دابنێ تا وەکو کەرتی تەندروستی ببوژێنێتەوە لەبەر ئەوەی بەم شێوەی ئێستا ناتوانرێت ئاستی تەندروستی بەرەوپێشببرێت لە ناوچەکە".

جەختیشیکردەوە: "هەوڵ دەدەین لە داهاتوە سەنتەرێک بکەینەوە بە هەمو بەشەکانیەوە واتا بەشی قەستەرەی دڵ لەگەڵ بەشی ئۆپن هارد واتا عەمەلیاتیشی تیا بکرێت ئەگەر ئەوانەی تیا نەبێت بروااناکەم وا بە ئاسانی بوژانەوەی دڵ لە کەلار بکرێتەوە".

موکەرەم موبارەک، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید ئەحمەد کەلاری، لە ناحییەی پێباز، پێی وایە کە دەبێت ئیدارەی گەرمیان ڕۆڵێکی تەواو ببینێت بۆ یارمەتیدانی بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان بۆ ئەوەی ئەم بەشە گرنگە لە گەرمیان بکرێتەوە، چونکە بە تێڕوانینی ئەو ئیدارەی ناوچەکە کەم تەرخەم بوە لە ئاست کردنەوەی ئەم بەشە گرنگە: "ئەو لایەنەی کە دەبێت ڕۆڵیان هەبێت بۆ کردنەوەی ئەم بەشە وەزارەتی تەندروستییە کە دەبێت لەگەڵ بەرەوپێش چونی شارەکان ئاستی تەندروستی لەو ناوچەیە بەرزتربکاتەوە دوابەدوای ئەوانیش ئیدارەی گەرمیانە و بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیانە دەبێت ڕۆڵیان هەبێت بۆ کردنەوەی".

نەوەک ئەم بەشە تا ئێستا نەکراوەتەوە بەڵکو بە پێی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان هیچ جۆرە ئامادەکاریەک بۆ کردنەوەی سەنتەری دڵ لە گەرمیان نەکراوە.

هەڵگورد محەمەد، جێگری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار، لەسەر ئەم زانیارییە دەڵێت: "هیچ ئامادەکاریەکی بۆ کردنەوەی سەنتەرێکی تایبەت بە دڵ نەکراوە".

**٣. کاریگەریەکانی نەبونی بەشی چاودێری و هۆکاری نەکردنەوەی بەشەکە.**

**ا. کاریگەریەکانی نەبونی بەشی چاودێری ورد لەسەر ژیانی نەخۆشەکانی گەرمیان چیە؟**

بەشی چاودێری ورد بەیەکێک لە بەشە سەرەکیەکانی کەرتی تەندروستی دادەنرێت بۆ پاراستن و چاودێریکردنی بەردوامی ئەو نەخۆشانەی کە پێویستیانە تاوەکو نەخۆش جەستەی دەگاتەوە باری جێگیریی و مەترسی لەسەر ژیانی نامێنێت.

لێرەدا پسپۆرانی تەندروستی کۆمەڵێک لە گرنگیەکانی ئەم بەشە دەخەنەرو لە گەڵ ئەو بۆشایانەی کە بەهۆی نەبونی ئەم بەشەوە لە تەندروستی گەرمیان دروست بون.

د. ئاسۆ عزەت، پزیشکی پسپۆر لە نەخۆشیەکانی میز و میزەڕۆ، لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار، ئاماژە بەوە دەکات: "بۆ حاڵەتە گەرمەکان کاتێک کەسێک دەهێنن بەهۆی روداوی هاتوچۆوە زەبری پێگەشتوە یان توشی خوێن بەربونی ناوەوە بوە ئەوکاتە ئەگەر نەشتەرگەری (عەمەلیات)بکەین بۆ نەخۆشەکە سەرکەوتو نابێت، چونکە نەشتەرگەری ئەم حاڵەتانە پێویستیان بە بەشی چاودێری وردە بۆیە ناچار پزیشکانی ئێرە دەبێت بینێرن".

بەدەر لە مەترسیەکانیش دەبێت ئەم نەخۆشی گەرمیان بۆ ماوەیەکی درێژ لە نەخۆشخانەکانی سلێمانی بمێنێتەوە کە ئەمەش دەبێتە هۆی بارگرانی بۆ سەر هاوەڵەکانی و هاتوچۆکردنیان بۆ ماوەیەکی زۆر.

لێپرسراوی بەشی فریاکەوتن لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار، لە قەزای کەلار، ئارام ئەحمەد، زۆری ناردنی نەخۆشەکان لە گەرمیانەوە بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی وابەستەدەکات بە نەبونی ئەم بەشەوە "زۆربەی ئیحالەکان لە فریاکەوتن بەهۆی نەبونی بەشی چاودێری ورد و سەنتەری تایبەت بە دڵ".

ئارام ئەحمەد، دەشڵێت: "بە هەمان شێوە ئەوکەسانەشی کە توشی جەڵتەی مێشک دەبن دوای چارەسەری سەرەتایی پێویستیان بە چاودێری وردە، بۆیە بۆ ئەوانیش لێرە ناتوانرێت هیچیان بۆ بکرێت".

"لەبەر ئەوەی لێرە هیچ بەشێکی چاودێریەکی ورد نیە بۆ ئەونەخۆشانە حاڵەتەکانی جەڵتەی مێشک یان ئەو حاڵەتانەی پەیوەستن بە مێشک و دەمارەوە لە گەرمیان ناتوانرێت هیچ بۆ نەخۆشەکە بکەین لەبەر نەبونی بەشی چاودێری ورد و کەمی ئەم پسپۆریە لە گەرمیان، وە لێرە پزیشک تواناى هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی ژیانی ئەو نەخۆشانەی نیە، چونکە لە هەمو چرکەیەک واردە باری ئەو نەخۆشە خراپتر بێت". ئەمە رونکردنەوەی هەڵگورد محەمەد، جێگری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار، لە قەزای کەلار، سەبارەت بە حاڵەتەکانی جەڵتەی مێشک کە گەرمیان ناتوانرێت هیچ چارەسەرێکیان بۆ بکرێت، ئاماژەی بەوەشکرد کە لە تەواوی گەرمیان تەنها یەک پزیشکی مێشک و دەمار بونی هەیە.

ئەمەش لە کاتێکدا رێژەی ناردنی حاڵەتەکانی جەڵتەی دڵ و جەڵتەی مێشک لە گەرمیان لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە بەشێوەیەک ساڵانە زیاتر لە (٤٥٠) نەخۆش دەبێت کە تێکڕا رێژەی ناردنیان نزیکەی (٤٥%) کۆی تەواوی نەخۆشی نێردراوە لە گەرمیان.

**ب. ئەو هۆکارانە چین کە بونەتە رێگر لەبەردەم کردنەوەی بەشی چاودێری ورد لە کاتێکدا پێداویستیەکانی ئامادەیە**

پێویستیەکانی ئەم بەشانە بۆکردنەوەیان خۆی دەبینێتەوە لە بینای تایبەت و گونجاو، پێداویستیە پزیشکیەکان و ئامێری تایبەت هەروەها دابینکردنی کارمەندی تەندروستی و پزیشکی نیشتەجێی خولاو پزیشکی نیشتەجێی دێرین کە بەبەردەوامی بۆماوەی (٢٤) کاتژمێر چاودێری نەخۆشەکان بکەن لەگەڵ پزیشکی پسپۆری تایبەت بە هەریەکە لەو نەخۆشیانەی کە پێویستە لەم بەشانە داخلبکرێن.

لە ئێستادا بۆ بەشەکانی نەشتەرگەری و چاودێری ورد لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار، تەواوی پێداویستیەکان وئامێرەکانی تایبەت بەم بەشانە ئامادەکراوە، هۆکاری نەکردنەوەیان تەنها لەسەر نەبونی پزیشکی نیشتەجێی دێرین و پزیشکی نیشتەجێ خولاو لەگەڵ کارمەندی تەندروستی ماوەتەوە.

لەم بارەیەوە هەڵگورد محەمەد، جێگری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لە قەزای کەلار، سەبارەت بەهۆکاری نەکردنەوەکەشی دەڵێت: "هۆکاری نەکردنەوەی ئەم بەشە نەبونی پزیشکی نیشتەجێی دێرین و خولاوە لەگەڵ کارمەندی تەندروستی".

وتیشی: "کردنەوەی هەریەکە لەم بەشانە پێویستە ئامادەکاری تەواوی بۆ بکرێت لە روی دابینکردنی پزیشکی پسپۆری ورد و پزیشکانی نیشتەجێی دێرین و نیشتەجێی خولاو تاوەکو لەکاتی کردنەوەیاندا بتوانرێت سودی تەواوی لێببینرێت".

بۆ ئەمساڵ تەنها (١٢) پزیشکی نیشتەجێی خولاو (١) پزیشکی نیشتەجێی دێرین بۆ تەواوی بەشەکانی فریاکەوتن و هۆڵەکانی نەشتەرگەری نەخۆشخانەکانی قەزاکانی کەلار و کفری نێردراون، ئەمەش بۆتە هۆکاری دروستبونی بۆشایەکی زۆر لە زۆرێک لە بەشەکانی نەخۆشخانەکانی سنورەکە.

بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، د.عەدنان تۆفیق، رونیدەکاتەوە کە دەبێت هاوشێوەی بەڕێوبەرایەتیەکانی دیکەی پارێزگاکان، وەزارەت مامەڵەی لەگەڵ بکات "گەرمیان ئیتر پێویستی بە بەڕێوبەرایەتیەکی سەربەخۆ هەیە وەک بەڕێوبەرایەتیەکانی سلێمانی، هەولێرو، دهۆک دەبێت وەزارەتیش ئەم واقیعە قبوڵبکات لەبەر ئەوەی ئێمە بەریوبەرایەتیمان هەیە کەچی دەبێت بەڕێوبەرایەتی تەندروستی سلێمانی پزیشک و موقیمان بۆ بنێرێت!".

بەمپێیەش کردنەوەی ئەم بەشە گرنگ و پێویستە لە گەرمیان تەنها ماوەتەوە لەسەر ئەو لایەنانەی کە دابینکردنی پزیشک و کارمەندی تەندروستی دەکەوێتە ئەستۆیان.



دیمەنێک لە هۆڵی نەشتەرگەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار



دیمەنێک لە ژورە ئامادەکراوەکانی بەشی چاودێری ورد

**ج. کاریگەری نەبونی بەشی چاودێری ورد لەسەر نەخۆشەکانی نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، تایبەت بە ژنان و منالّبون**

نەبونی بەشی چاودێری ورد لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، کە تایبەتە بە ژنان و منالّبون بۆتە جێگەی مەترسی بۆ سەر ژیانی ئەو ئافرەتانەی کە لە کاتی نەشتەگەرگەری منالّبوندا توشی تێکچونی لەناکاودەبن.

کوێستان حسێن، لێپرسراوی هۆڵی منالّبون لە نەخۆشخانەکە، دەڵێت: "ئەو دایکانەی لە کاتی نەشتەرگەری توشی ناجێگیری باری تەندروستی دەبنەوە وەک بەرزبونەوەی پەستانی خوێن یان خوێنبەربون، لەبەر مەترسی لەسەر ژیانیان زۆرجار دەبێت بینێردرین بۆ سلێمانی کە تارادەیەک هەر مەترسی هەیە لەسەر ژیانی نەخۆشەکە بەهۆی درەنگ گەیشتنی بە شوێنی چارەسەر ئەمەش لە ئەنجامی نەبونی بەشی چاودیری وردە لە نەخۆشخانەکە".

گۆران محەمەد، جێگری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیبی تایبەت بە ژنان و منالّبون ئاماژە بەوەدەکات جگە لەم بەشانەی کە ئێستا لە نەخۆشخانەکەدا کراوەتەوە، نەخۆشخانەکە پێویستی بە چەند بەشێکی گرنگی دیکە هەیە کە تێیدا بکرێتەوە:"نەخۆشخانەکە هەمو بەشەکانی تایبەت بە ژنان و منالّبونی تێدا نیە، ئەو بەشانەی کە نەقسن زۆرن بەڵام چەن بەشێکی گرنگ هەیە کە پێویستە بکرێنەوە لە نەخۆشخانەکەدا".

وتیشی: "بەشی فریاکەوتنی ژنان، لەبەر ئەوەی ئەم بەشەمان نیە هەمو حاڵەتەکان سەردانی بەشی هۆڵی منالّبونی سروشتی ئەکەن، لە کاتێکدا دەبێت ئەمانە بەوردی چاودێری بارودۆخیان بکرێت ببرێنە بەشی فریاکەوتن کە ئێمە نیمانە، و بەشی چاودێری ورد کە دوای نەشتەرگەری ئەمەش لە نەخۆشخانەکەماندا نیە، تەنها قاوشی ژنان هەیە بۆ چاودێری دوای نەشتەرگەری".

**ا. گرنگیەکانی هەبونی بەشی نەباکام "خودەج" چیە؟**

لەماوەکانی رابردودا چەند جارێک هەوڵی کردنەوەی بەشی خودەج لە گەرمیان دراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەم بەشە لە گەرمیان نەکراوەتەوە، گرنگیەکانی هەبونی ئەم بەشەش پەیوەستە بە سەلامەتی و پاراستنی ژیانی منالانی پێشوەختە، واتە ئەو منالانەی کە پێش وادەی لەدایک بونی ئاسایی لەدایک دەبن یاخود ئەو مندالانەی کێشەی تەندروستیان هەیە.

گۆران محەمەد، جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب دەڵێت: "گرنگیەکانی ئەم بەشە ئەوەیە ئەو منالآنەی کە پێویستیان بەم بەشەیە راستەوخۆ لێرە داخلیان دەکەین ئەوکات پێویستمان بە ناردن نابێت بۆ بەشی خودەج لە سلێمانی وە ئەمەش سەلامەتی زیاتر دەگەڕێنێتەوە بۆ منالەکە".

نە ناردنی منالی نابەکام بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی گرنگیەکی دیکەشی هەیە، ئەویش سەلامەتی خێزانەکانیانە کە ئەرک و هاتوچۆ و بارگرانیەکانی ئەو رێگایەیان لەسەر نامێنێت.

هێمن محەمەد، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی لە قەزای کفری، باس لەگرنگی ئەم بەشە دەکات بۆ تەواوی گەرمیان و دەڵێت: "لە ئێستادا نەخۆشخانەی شێرەی نەقیب سەنتەرێکی زۆر باشە لە گەرمیان ئەگەر بەشی خودەجی تێدا بکرێتەوە بۆ قەزای کفریش کاریگەریەکی زۆر باشی دەبێت، چونکە بە کاتێکی کەم دەتوانین نەخۆشەکە لە نەخۆشخانەکەی ئێمەوە بگاتە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، بەمەش مەترسیەکانی سەر ژیانی نەخۆشەکە زۆر کەم دەبێتە بە بەراوردکردن بە ناردنی بۆ سلێمانی".

**ب. سەرەڕای بونی شوێن و کارمەندی تەندروستی تایبەت بەشی خودەج، بۆچی نەکراوەتەوە؟**

نزیکەی ساڵێک دەبێت بەشی خودەج لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، کارەکانی لە روی شوێن دابینکردنی ئامیر و سەرجەم پێداویستیەکان بە کۆتا گەشتوە، لەهەمانکاتدا وەزارەتی تەندروستی هەشت کارمەندی تەندروستی بۆ هەمان بەش دامەزراند، بەڵام دەبینین ئەم بەشە تاوەکو ئێستا نەکراوەتەوە .

جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، گۆران محەمەد، سەبارەت بە ئامادەکارییەکان بۆ کردنەوەی ئەم بەشە لە نەخۆشخانەکەیان دەڵێت: "بەڕێوبەری تەندروستی گەرمیان، هەشت (٨) کارمەندی بۆ نەخۆشخانەکەمان دابینکرد کە تایبەتە بۆ بەشی خودەج و وەزارەت دایمەزراندبون، کارمەندەکان نێردران بۆ نەخۆشخانەی شار بۆ خولی فێربون، هەروەها تەواوی ئامێر و پێداویستیەکانی لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار و نەخۆشخانەی منالآنی سلێمانی بۆ هێنراوە و شوێنی گونجاویشی بۆ دابینکراوە".

بەپێی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری حکومەتیی خۆجێی گەرمیان دابینەکردنی پزیشکی پسپۆری تایبەت بە منالآنی نابەکام و پزیشکی نیشتەجێی دێرین و نیشتەجێی خولاو لە لایەن وەزارەتی تەندروستیەوە هۆکاری نەکردنەوەی ئەم بەشەن.

جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، ئەمە پشت راستدەکاتەوە و دەڵێت: "هۆکاری نەکردنەوەی ئەم بەشە نەبونی پزیشکی پسپۆری منالآنە لەگەڵ نەبونی پزیشکی نیشتەجێی خولاو و نیشتەجێی دێرین".

**٥. ئامادەکاریەکان بۆ کردنەوەی بەشەکانی (چاودێری ورد، سەنتەری دڵ، بەشی نەباکام) لە تەندروستی گەرمیان**

| ناوی بەش/ سەنتەر | ئاستی ئامادەکاریەکان بۆ کردنەوەی ئەم بەشانە لە کەرتی تەندروستی گەرمیان | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ئاستی ئامادەکاریەکان لە روی ستافی پزیشک و کارمەند | | | ئاستی ئامادەکاریەکان لە روی شوێن و ئامێرە | | |
| | کارمەندی تەندروستی | پزیشکی نیشتەجێی خولاو+ نیشتەجێی دێرین | پزیشکی پسپۆڕ | ئامادەکردنی تەواوی پێداویستیەکانی بەش بۆ وەرگرتنی نەخۆش | ئامێری پزیشکی | بینا/شوێن |
| بەشی چاودێری ورد | دابین نەکراوە | دابین نەکراوە | ژمارەی ئەو پزیشکانەی کە هەیە بە گوێرەی پێویستی ئەم بەشە نیە | ئەم بەشە بە تەواوی پێداویستیەکانیەوە ئامادەیە بۆ وەرگرتنی نەخۆش | تەواوی ئامێرە پزیشکیەکانی تایبەت بەم بەشە هەیە و ئامادەکراوە | وەک بەشێکی سەرەکی لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار شوێنی بۆ ئامادەکراوە |
| سەنتەری دڵ | دابین نەکراوە | دابین نەکراوە | دو پزیشکی پسپۆری دڵ لە گەرمیان هەیە | دابین نەکراوە | دابین نەکراوە | دابین نەکراوە |
| بەشی نەباکام | ٨ کارمەند بۆ ئەم بەشە دامەزراون | دابین نەکراوە | دابین نەکراوە | ئەم بەشە بە تەواوی پێداویستیەکانیەوە ئامادەیە بۆ وەرگرتنی نەخۆش | تەواوی ئامێرە پزیشکیەکانی تایبەت بەم بەشە هەیە و ئامادەکراوە | شوێنی بۆ ئامادەکراوە لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب |

## ٦. کاریگەریەکانی نەبونی ئەم سێ بەشە لەسەری زۆری ژماری ناردنی نەخۆش لە گەرمیانەوە بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی

بەپێی ئەو ئامارەی دەست یەکەی چاودێری کەوتوە نەبونی ئەم سێ بەشە لە کەرتی تەندروستی گەرمیان کاریگەریەکی تەواوی هەیە لەسەر رێژەی بەرزی ناردنی نەخۆش لە نەخۆشخانەکانی گەرمیانەوە بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی، یاخود ئەو نەخۆشانەی کە بۆ نەشتەرگەری کۆمەڵێک چەرەسەری دیکە خۆیان دەچنە نەخۆشخانەکانی دەرەوەی گەرمیان.

جێگری بەرپرسی کردە پزیشکیەکانی گەرمیان، رەفیق قادر، باس لەو حاڵەتانە دەکات کە بەهۆی نەبونی ئەم بەشانەوە دەنێردرێن بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی، دەڵێت: "بە گشتی هەمو جۆرەکانی نەخۆشی دەنێردێن، بەڵام لێرە نەبونی سەنتەری دڵ هۆکارە بۆ زۆری ناردنی ئەو هەمو حاڵەتەی کە پەیوەستن راستەوخۆ بە دڵەوە هەروەها نەبونی بەشی چاودێری ورد کاریگەری زۆری هەبوە لەسەر ناردنی نەخۆش".

دەشڵێت: "ئەمەش مەترسی تەواوی هەیە بۆ سەرژیانی نەخۆشەکان، چونکە ئەم حاڵەتانە کە کتوپڕن (گەرمن) دەبێت دەستبەجێ چارەسەریان بۆ بکرێت و بخرێنە ژێرچاودێری وردەوە".

ئەمەش لە کاتێکدا رێژەی ناردنی حاڵەتەکانی پەیوەست بەم سێبەشەوە لە گەرمیان لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە بەشێوەیەک کە تێکرا رێژەی ناردنیان نزیکەی (٧٥%) کۆی تەواوی نەخۆشی نێردراوە لە گەرمیان.

لە نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی، لە قەزای کفری، بەدەر لە نەبونی ئەم بەشانە تەنانەت پزیشکی پسپۆری ئێشگریشی نیە بۆ حاڵەتە کتوپڕەکان تاوەکو بتوانرێت لەناوەندی قەزاکە کۆمەڵێک نەشەرگەری بکرێت و پێویست نەکات زۆربەی حاڵەتەکانیان رەوانەی بەشی فریاکەوتنی شەهید هەژار، لە قەزای کەلاربکەن.

بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە هێمن محەمەد، دەڵێت: "ئەو پزیشکانەشی کە لە راوێژکاری بەیانیان لە قەزای کفری دەوام دەکەن لە کەلارەوە دێن دواتر دەگەڕێنەوە، بۆیە ئێمە ئەگەر پزیشکی پسپۆرمان هەبێت کە نەخۆش داخلی بەشی فریاکەوتن دەکرێت ئەوکات راستەوخۆ پێویستی بەهەرچی بێت پزیشکە پسپۆرەکان بۆی ئەنجامدەدەن، مەگەر پێویستی بەسەنتەری دڵ یاخود بەشی چاودێری وردبێت ئەوکات دەینێرنە سلێمانی".

باسلەوەشدەکات کە بە کردنەوەی سەنتەری دڵ بەشی چاودێری ورد لە ناوەندی ئیدارەی گەرمیان کاریگەریەکی زۆر باشی دەبێت بۆ سەرجەم نەخۆشخانەکانی گەرمیان و هاوڵاتیانی سنورەکە: "کردنەوەی هەریەکە لەم بەشانە سودێکی ئێجگار باشی دەبێت بۆ هاوڵاتیان، ئێمە لە بری ئەوەی حاڵەتێکی کتوپڕ و مەترسیدار لە قەزای کفریەوە بنێرینە

قەزای کەلار لەوێشەوە بنێردرێتە سلێمانی کە مەترسیەکانی گیان لەدەستدانی نەخۆشەکە زیاتر دەبێت راستەوخۆ دەبرێتە کەلار بە ماوەیەکی کەم".

**٧. لاوازبونی متمانەی هاولاتیان بە تەندروستی گەرمیان تاچەند پەیوەندی هەیە بە نەبونی ئەم بەشانەوە؟**

"ئەگەر خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی لە گەرمیان بەم شێوەیە بمێنێتەوە دەبێت ناوی هەمو تەندروستی گەرمیان بگۆرین بۆ مەڵبەندێکی تەندروستی". ئەمە وتەی بەریوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلارە، لەبارەی ئەو خزمەتگوزارییانەی لە کەرتی تەندروستی ناوچەکەدا پێشکەشدەکرێت.

بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، د.عەدنان تۆفیق، دەڵێت: بە هۆکاری نەبونی خزمەتگوزاریەکان نەخۆشە کتوپڕ و قورسەکان هیچ جۆرە چارەسەرێکیان لە تەندروستی گەرمیان بۆ ناکرێت "ئەوە خزمەت گوزاریانەی تەندروستی کە هەیە لە گەرمیان زۆر سادەن لە ئاست ئەم ناوچەیە کە ئیدارەیەکی سەربەخۆیە".

ئەمەش لە کاتێکدایە لاوازبونی متمانەی هاولاتیان لە ناوچەکە گەشتۆتە رادەیەک کە گومان لە تواناکانی پزیشکانی پسپۆری نەخۆشخانەکان بکەن، وەک د.عەدنان تۆفیق، دەڵێت: "ئێستا وایلێهاتوە خەڵک لەبەر ئەوەی ئەم بەشانە لە گەرمیان نیە کە کۆڵەکەی خزمەتکردنی هاولاتیانە و زۆربەی نەخۆشیە کتوپڕ و قورسەکان پێویستیان بەم بەشانەیە، بەڵام چونکە خەڵکی ئاسایی ئەوە نازانێت وا تێگەشتوە کە پزیشکانی ئێرە شارەزایی نیە لە کاتێکدا هەر ئەم پزیشکانەن کە لەسەرەتادا لە نەخۆشخانەکانی دەرەوەی گەرمیان بون یان دواتر دەچنە نەخۆشخانەی پارێزگاکانی دیکە".

هەروەها لاوازبونی متمانەی هاولاتیانیش بۆ بەشەکانی فریاکەوتن دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژمارە زۆرەی ناردنی نەخۆشە کە ئەم ناردنەش راستەوخۆ دەبەسترێتەوە بۆ نەکردنەوەی ئەم بەشانە. جێگری بەڕوبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار، هەڵگورد محەمەد، ئاماژە بەوە دەکات: "نەبونی ئەم بەشانە وایکردوە بەدەر لەو نەخۆشانەش کە پێویستیان بەم بەشانەیە دەنێردرێن بۆ سلێمانی بەهانەیەکیشە بۆ ئەو پزیشکانەی کە کە نەخۆشەکەی پێویستی بە ناردن نیە و دەینێرێت".

دەشڵێت: "بە کردنەوەی ئەم بەشانە ئیتر بەهانەیەک نامێنێت بۆ ناردنی نەخۆش و پێویستیش ناکات زۆری نەخۆشەکان بنێردرێن، بەمەش متمانە بۆ هاولاتیان دەگەڕێنێتەوە ئاستی تەندروستی گەرمیانیش هەنگاویکی باش دەنێت".

### ٨. ڕای بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان

بۆ کردنەوەی ئەم بەشانە و ئامادەکاریەکانی بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان لەسەر ئەم پرسە، بەرێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، جەختلەوەدەکاتەوە کە بەدواداچونیان کردوە و هەوڵی تەواویان داوە بۆ کردنەوەی ئەم بەشانە.

د.سیروان محەمەد، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، ئاماژە بەوەدەکات کە ئەم سێ بەشە زۆر گرنگن، بۆیە لە چوارچێوەی کارەکانمان هەوڵێکی باشمان داوە بۆ کردنەوەی "ئەم سێ بەشە زۆر گرنگن، ئێمە لە بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان بەدواداچونمان بۆ کردوە و کارمان لەسەر کردوە، بەشی خودەج سەرجەم کارەکانی تەواو بوە لە روی دابینکردنی شوێن و ئامێر و پێداویستیەکان، لەگەڵ کارمەند کە ساڵی پار دامەزران بۆ هەمان بەش، بەڵام بەهۆکاری نەبونی پزیشکی پسپۆری تایبەت بە منالّی نابەکام تائێستا نەمان توانیوە ئەم بەشە بخەینە کار و بەهۆی سوربونمان لەسەر کردنەوەی ئەم بەشە کارمەندەکانمان نەگواستەوە بۆ هیچ بەشێکی دیکە".

دەشڵێت: "شوێنی ئەم بەشە لەناو نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیبە بۆ ژنان و منالّبون و بەشێکی گرنگ و پێویستە، چونکە ساڵانە زیاتر لە (٦٠٠٠) شەش هەزار منالّ لەم نەخۆشخانەیە لە دایکدەبن بەشێوەی سروشتی و نەشتەرگەری".

سەبارەت بە کردنەوەی سەنتەری دڵ لە گەرمیان و هەوڵەکانی بەڕێوبەرایەتیان بۆ کردنەوەی، د.سیروان محەمەد، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، باسلەوە دەکات کە دەنگۆیەک هەیە بۆ کردنەوەی ئەم بەشە لە گەرمیان "لە ئێستادا پێمان ڕاگەیەنراوە کە ئەم بەشە لە گەرمیان بکرێتەوە، بەڵام نەبوە بە نوسراو، بۆ کردنەوەشی لە گەرمیان پێویستمان بە بینای تایبەت هەیە کە دروستبکرێت و ئامێری تایبەتی بۆ دابینبکرێت لەگەڵ دامەزراندنی کارمەند".

دەشڵێت: "لە گەرمیان تەنها دو پزیشکی پسپۆری دڵمان هەیە، بەڵام ئەم سەنتەرە بکرێتەوە ئەوان دەتوانن کارەکانی بەڕێوە ببەن".

بۆ کردنەوەی بەشی چاودێری ورد، د.سیروان محەمەد، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، ئاماژە بەوەدەکات کە بەهەمان شێوەی بەشی خودەج تەواوی کارەکان بۆ کردنەوەی ئەم بەشە کۆتایی پێهاتوە، هۆکاری نەکردنەوەشی دەبەستێتەوە بە کەمی پزیشک لەگەڵ دانەمەزراندنی کارمەند بۆ ئەم بەشە "بەشی چاودێری ورد لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن شوێنی گونجاو و تەواوی ئامێرەکانی بۆ دابینکراوە و دامەزراوە، لە ساڵی (٢٠١٥) ەوە هەمو کارەکانیمان تەواوکردوە لەگەڵ هۆڵی نەشتەرگەری کە ئەویش بە هەمان شێوە هەمو کارەکانی تەواو بوە لە روی شوێن دابینکردنی ئامێر و پێداویستیەکانەوە، ئەوەی ماوەتەوە بۆ کردنەوەی تەنها نەبونی پزیشک و کارمەندە، بە دابینکردنیان ڕاستەوخۆ ئەم بەشە گرنگە دەکرێتەوە".

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، د.سیروان محەمەد، سەبارەت بە کاریگەریەکانی نەبونی ئەم بەشانە لە گەرمیان باس لە گلەیی هاولاتیان دەکات هاوڵاتیانیش بە حەق دەزانێت بۆ ئەم بابەتە "خێزانی وا هەیە نەخۆشێکیان هەیە دەبێت هاتوچۆی نەخۆشخانەکانی سلێمانی بکەن بەهۆی نەبونی ئەم بەشانەوە لە گەرمیان، زۆرجار بۆ ماوەیەکی زۆر ئەم خێزانە هاتوچۆی سلێمانی دەکەن دەبێتە ئەرکێکی قورس بۆیان، زۆر جاریش دەبینین کە توشی روداوی هاتوچۆ دەبن بۆ چارەسەری نەخۆشێکیان هەندێک لە ئەندامانی ئەو خێزانە دەبنە قوربانی، خەرجیەکی زۆر دەکەوێتە سەریان، چونکە نەخۆش هەیە دو مانگی دەوێت تاوەکو لەم بەشانە ببرێتە دەرەوە، کەواتە بۆچی لە گەرمیان ئەم نەخۆشە داخل نەکرێت کە هەمو پێداویستیەکانی هەیە بەتەنها بەهۆی نەبونی پزیشک و کارمەندەوە هاولاتیان ئەم ئەرکە قورسەیان بکەوێتە سەرشان!".

لە ئێستادا هاولاتیانی سنوری گەرمیان متمانەیەکی ئەوتۆیان بە کەرتی تەندروستی حکومی لاواز بوە، بەڕێوبەری تەندروستیش ئەمە پشتراستدەکاتەوە و دەڵێت: "بەداخەوە بەهۆی نەبونی ئەم بەشانەوە خەڵکی متمانەیان بە کەرتی تەندروستی حکومی لە ناوچەکە لاواز بوە".

وتیشی: "ئەم متمانەیە دەبێت بگەڕێندرێتەوە، چونکە کەرتی تەندروستی خزمەتێکی باش و زۆری هاولاتیانی کردوە بەپێی ئەو بەشانەی دیکە کە لەناوچەکەدا هەن، چونکە رۆژانە لە نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی تەندروستی چارەسەرێکی زۆر دەکرێت لەگەڵ نەشتەرگەرییەکی زۆر کە ئەمەش لە ئاستێکی باشدایە".

د. سیروان محەمەد، باسلە کێشەیەک دەکات کە بوە بە ئاستەنگ بۆ کارەکانیان ئەویش ئەوەیە کە حزبەکان ململانێ سیاسیەکان دەهێننە ناو دامودەزگا حکومیەکانەوە بەشێوەیەک کە کاریکردوەتە سەرکارەکانی دەزگا حکومیەکان "سەرەرای ئەو قەیرانە داراییەی کە هەیە ئالانگاریەکی سیاسیش هەیە، لێتدەدەن، مونافەسەت دەکەن لەسەر مستەوایی سیاسی، شەڕی هەڵبژاردن دێننە ناو دەزگا حکومیەکان و ناو نەخۆشخانەکانەوە، لە کاتێکدا ئەم کەرتانە بۆ خزمەت کردنی هاولاتیانە نەک ململانێی سیاسی".

## بەشی سێیەم: راسپاردەکان

١. بەشەکانی (چاودێری ورد، سەنتەری تایبەت بەدڵ و خودەج) هەریەکەیان کۆڵەکەی سەرەکی کەرتی تەندروستین بۆ خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان، بەڵام هیچیەک لەم سێ بەشە تاوەکو ئێستا لە گەرمیان نەکراونەتەوە و پێویستە هەوڵی جدی بۆ کردنەوەی بدرێت.

٢. بەشی چاودێری ورد کە راستەوخۆ پەیوەستە بە ئەو حاڵەتانەی کە پڕ مەترسین لەسەر ژیانی قوربانیانی هاتوچۆ و کەسانی توش بو بە جەڵتەی مێشک لەگەڵ ئەو نەخۆشانەی کە پاش نەشتەرگەری پێویستیان بە چاودێری وردە لەلایەن پزیشکەوە تاوەکو نەخۆش جەستەی دەگاتەوە باری جێگیری مەترسی لەسەر ژیانی نامێنێت، لە ئێستادا بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان بەشێوازێکی پیشکەوتو لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار، هەمو ئامادەکاریەکانیان بۆ کردنەوەی ئەم بەشە تەواو کردوە، نەکردنەوەشی تەنها بەستراوەتەوە بە دابین نەکردنی پزیشک و کارمەندی تەندروستی لەلایەن لەلایەن وەزارەتی تەندروستی کە بەکردنەوەی بە رادەیەکی باش بەشێک لە گرفتەکانی تەندروستی لە ناوچەکە چارەسەر دەکات.

٣. بەشی خودەج کە تایبەتە بە منداڵانی نابەکام لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، ماوەی ساڵێکە سەرجەم کارەکانی تەواو بوە و کارمەندی تەندروستی بۆ دابین کراوە، بەڵام تەنها نەبونی پزیشکی پسپۆر بوە بە هۆکاری نەکردنەوەی ئەم بەشە.

٤. نەبونی هەر بەشێکی تەندروستی مەترسیەکی دیاریکراوی خۆی هەیە وەک دەبینین نەبونی ئەم بەشانەش ئەم مەترسیانەی هەیە:

یەکەم: لە گەرمیان بەهۆی نەبونی سەنتەرێکی تایبەت بە دڵ مەترسیەک دێتەپێش کە گیان لەدەستانی نەخۆشەکەیە بەهۆی درەنگ گەشتنی بە شوێنی چارەسەرکردن وچاودێری.

دوەم: لە کاتی روداوکانی هاتوچۆ یاخود ئەو حاڵەتانەی کە کتوپڕ(گەرمن) دەبێت دەستبەجێ چارەسەریان بۆ بکرێت بخرێنە ژێر چاودێری وردەوە، بەڵام بەهۆی نەبونی چاودێری ورد لە گەرمیان نەخۆش دوای دو کاتژمێر دەگاتە شوێنی چارەسەرکردن.

سێیەم: بە هۆی دروست بونی پاڵەپەستۆی دەرونی لەسەر کەس و کاری و ئەو کەسانەی کە هاوەڵی دەبن تادەگاتە نەخۆشخانەکانی سلێمانی وە خراپی ڕێگاکە زۆر جار دەبینین کە لەم حاڵەتانە کارەساتی دڵتەزێنی بەدواوە دێت.

چوارەم: بەدەر لە مەترسیەکانیش دەبێت ئەم نەخۆشە بۆ ماوەیەکی درێژ لە نەخۆشخانەکانی سلێمانی بمێنێتەوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی بارگرانی بۆ سەر هاوەڵەکانی و هاتوچۆکردنیان بۆ ماوەیەکی زۆر.

٥. هاوڵاتیانی سنورەکە ئاستی متمانەیان بە کەرتی تەندروستی ناوچەکە لاواز بوە بەهۆی نەبونی خزمەتگوزاریە گرنگ و سەرەکیەکان، بۆ گەرانەوەی ئەم متمانەیەش دەبیت ئاستی تەندروستی ناوچەکە بە کردنەوەی بەشە سەرەکی و گرنگەکان بەرزبکرێتەوە هاوشێوەی تەندروستی ئیدارەی پارێزگایەک کە دانیشتوانەکەی زیاتر لە نیوملیۆن کەس دەبێت.

٦. بۆ ئەوەی ئاستی تەندروستی لە گەرمیان بەرزبێتەوە هاوڵاتیان دڵنیاییان بۆ بگەرێتەوە، ئیدارەی ناوچەکە وەک بەرپرسی یەکەم لەم ناوچەیە بەهەوڵەکانیان دەتوانن رۆڵێکی باش ببین بۆ کردنەوەی هەریەک لەم بەشانە.

٧. تەنها کردنەوەی ئەم بەشانە گرنگ نیە گرنگ ئەوەیە کە ئەم بەشانە کرانەوە لە ئاستێکی تەندروستی باشدابن و نەخۆش کە هێنرایە ئەم سەنتەر و بەشانە دڵنیایی چارەسەر و چاودێری گونجاوی هەبێت ئەویش بە ئامادەکاریەکی پلان بۆ دانراو دەبێت.

٨. بۆ کردنەوەی ئەم بەشانە و خزمەتگوزارییەکانی دیکەی تەندروستی دەبێت ململانێی سیاسی بەلاوە بنرێت و تێکەڵ بەم کەرتە نەکرێت کە پەیوەستە بە ژیانی هاوڵاتیانەوە رێگری بۆ کارەکانیان دروست نەکرێت بەشێوەی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ.

٩. دابینکردنی پزیشک و کارمەندی تەندروستی دەبێت بە پێی رێژەی دانیشتوان بێت، بەڵام تاوەکو ئێستا وەزارەتی تەندروستی ئەم بریارەی بۆ گەرمیان جێبەجێ نەکردوە ئەمەش بوەتە هۆکاری دروست بونی بۆشاییەک لە کەرتی تەندروستی گەرمیان وە بەربەستێکیش لە بەردەم کردنەوەی هەریەک لەم بەشە گرنگانە.

١٠. نزیکەی (٧٥%) کۆی تەواوی نەخۆشی نێردراو لە گەرمیان بۆ نەخۆشخانەکانی دەرەوەی گەرمیان هۆکارەکەی نەبونی هەریەکە لە بەشەکانی چاودێری ورد و سەنتەری دڵ لەگەڵ بەشی خودەجە، کەواتە کردنەوەی ئەم بەشانە کاریگەریەکی راستەوخۆی دەبێت لە کەمکردنەوەی رێژەی بەرزی ناردنی نەخۆش.

**٭ ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

**١. ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە**

**٢. زریان محەمەد، دۆسیەی پەروەردە**

**٣. رێناس ساڵح، دۆسیەی تەندروستی**

**٭ بۆ پەیوەندی:**

٠٧٧٠٢٣٠٣٦٧٦ – ٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠

Radiodeng@yahoo.com

Radiodang.org